## ڕۆشنایی

# شازی ئەرزاق

■ ئیبراهیم نێوچیایی

کاتێك بێین باس لە خزمەت گوزاریەکانی حکومەت بکەین باشترین خزمەتگوزاری کەلەوکاتەی کە حکومەتی عێراق لەژێر گوشاری نەتەوە یەکگرتوەکان لە فرۆشتنی ئەو برە نەوتە بەرامبەر بەخۆراك درا بۆ گەلانی عێراق ، رەنگ بێت لەوکاتدا باشترین خزمەتگوزاری بۆخەڵکی برسی عێراق ئەرزاق بووبێت ، هاتنی ئەرزاق بۆتە ووشەیەك بەدرێژایی ١١ساڵی رابردوو هەر لەمناڵی یەك رۆژیەوە چاوەرێی ئەووشەیە دەکات تا ئەو کەسانەی کە لەسەر ساتی گیان دان ، ئەمەش لەدەرەنجامی پێویستی بونی هاووڵاتیان بووە رەنگ بێت هیچ دەسەڵاتێك بەقەد دەسەڵاتی ئەم ووڵاتە لەخەمی هاووڵاتیانی خۆی دانەبێت کە بەناوی ئەرزاقەوە دەیەها ملیار دۆلار زیان لەخۆی دەدات و شازی ئەرزاقیان بۆ دابین بکات ، ئەی ئەوە نی یە هەموومان بوینەتە چوار شانەو شازی مرۆڤین کاتێك بەختەوەر دەبێت کە سکی تێرو گیانی ئاسودە دەبێت وەك پیرمێردەکانمان دەڵێن لە خوا بەزیاد بێت لەسایەی حکومەت باشترین ئەرزاقمان بۆ هاتووە بێ هیچ کێشەیەك دەیخۆین ، لەراستیدا تۆی خوێنەر سەرت سوردەمێنێ ئەکرێ ئەو پرسیارەت بۆدروست بێت ئایا ئەم شازی ئەرزاقە لە هەرێمی دارفۆر دراوەتە برسیە رەشپێستەکان یاخود دەبلیو ئێف پی بۆ ئاوارەی عێراقی ووڵاتانی دراوسێ ی دابین کردووە ؟وەڵامەکە هیچ کامێکیان نی یە چونکە ناکرێت لە سایەی دەسەڵاتدارانی مرۆڤە بێبەزیەکان ئەو ئەرزاقە درابێت ئەوەی ئەوانیش لەهی خۆمان باشتر نی یە کەواتە ئەم هەموو پیاهەڵگوتنەی ئەرزاقە لەم مەملەکەتە وجودی نی یە لەراستیدا وایە ، چونکە دوای روخانی رژێم لەسایەی بەدیموکراسی بونی دەوڵەتی عێراقی وادەزانرا ئیتر هەموو شتێك لەپێناو باشتر کردنی ژیانی هاووڵاتیان سەرهەڵدەدات نەك ئەمە بەدی نەکرا بەڵکو شتەچاوەروانکراوەکان پێچەوانە بونەوە گرفتەکان زۆرتر بوون تا ئەو کات خەمەکان تەنیا کرێچیایەتی و نەهامەتیەکانی ووڵات بوو بەڵام لەوساوە شتێکی تریش هاتە سەر ئەویش بانقی نێودەوڵەتی نیازی وایە هیچ هاوکاری عێراق نەکات تا ئەو کاتەی کە دەبێت حکومەت ئەو ئەرزاقە ببرێت کە رێژەی زۆری گوزەرانی هاووڵاتیانە ، ئەمە دەنگ دانەوەی زۆری نایەوە دواتر بەهەر هۆیەك بوو هاتنی ئەرزاق درێژەی هەبوو تا ئێستاش لەگەڵ بێت ، جا ئەوەی من دەمەوێت لەسەری بوەستم ئەرزاقی ئەم مانگە زستانە بێکارو داهاتەی ئەم میللەتەیە کە جەنابی وەزیری بازرگانی عێراق لەوانەیە وا هەست بکات کە کارەکانی بەشێوەیەکی داد پەروەرانە بەرێوە دەچن لەراستیدا چەند رۆژێك بەر لە ئێستا ووتیان فەرمون بۆ ئەم مانگە ئەم ئەرزاقەتان پێ رەوا بینراوە ئەویش تەنها شەکرو چاو تایت وەك بلێ ی گەل تەنیا هیچ خەمێکی نەبێت هەر چابخواتەوە گلاسەکانی بەتایت بشوات بەراستی ئەمە مایەی نیگەرانی هاووڵاتیانە کە کەس گوێیان لەدەنگ ناگرێت چونکە کەی رەوایە هیچ بایەخێك بە خواردنی مرۆڤ نەدرێت ئێمە لە بیرکردنەوەی بەردەوامین ئەبێت کەی رۆژێك بێت جەنابی وەزیر لەرێگەی میدیاکانەوە بلێت ئەم خەڵکە زۆر بوە پێویستە ئەوەندەیان شەکر پێبدرێت تا نەخۆشی شەکرەی وایان بۆ بلاو بێتەوە کە هەموویان بمرن ، لەراستیدا ئەو حەقە چونکە خۆی هیچ گرفتێکی ژیانی رۆژانەی نی یە لەو هەموو سامانەی میللەت سود مەندە باخەڵکیش نان و تایت بخوات کەی رەوایە بلێن دەیەها ملیار دۆلار بۆ دابین کردنی خۆراکی سالێك بەڵام بەهەشت مانگ جارێك برنج ببینن ، ئەی ئەو منالانەی کە ئێوە دەلێن دوارۆژی ئەم میللەتە لەسەر گیانی وان وەستاوە ئەی بۆ خەمێك لە ژیانی ئەوان ناخۆن ئەوا بۆ سالێك دەچێت تەنیا بۆ یەك قەترە شیریان پێنەدراوە ئەی ئەم هەموو شیرەی بازار لەکوێ وە دێت کە نیشانەی وەزارەتی بازرگانی عێراقی پێوەیە ، ئەبێت کێ لەم هەموو نەهامەتیەی بەسەر خەڵکی هەژاردادێت بەرپرس بێت ، چونکە کاتێك سەیری چا دەکەی بەزیت بە حکومەت دادێتەوە ئەگەر هەزار فێل و تەلەکە لەژێر سەری ئەو کەسانە نەبێت کە بەهۆی ماڵی میللەتەوە خۆیان کردۆتە سەرمایەدار ئەبێت ئەو چایە خراپانە لەکوێ بینن ئایا خەڵك دەتوانێت لەمانگێکدا تەنیا یەك جاریش ئەم چایە بخواتەوە خراپی ئەم چایە وای لێهاتووە خەڵك لەگەڵ خۆڵ وخاشاکی مالەکەی فرێ بدات چونکە شتێکی شاراوە نی یە کە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت ئەم چایە بخواتەوە ، کاتێکیش سەیری داهاتی ووڵات دەکەیت و چاوێکیش لەم ئەرزاقە دەکەیت مرۆڤ خەم بۆ خۆی و دەوروبەرەکەی دەخوات چونکە لەراستیدا جێگەی مەنتیق نی یە کە ئەم خراپە ئەرزاقە لەکارکەوتوو کۆنانەمان بەسەر ساغ دەکەنەوە لەبەرامبەریشدا هەزاران دۆلار وەك سود بەو کەسانە دەگات کە رۆژانە دەچێتە باغەلیانەوە ،خەڵك وای لێهاتووە رۆرژانە لەگەڵ دەرکەوتنی هەر برنجێکی نوێ ی بۆندار خواردنەکەی دەگۆرێ کەچی حکومەتی ئێمە تازە بەتازە هەوڵ دەدات کۆنترین و خراپترین جۆری برنج وچامان بۆ بنێرێت ، ئەمە مانای وایە کە دەسەڵات هیچ رێزێك بۆ هاووڵاتیانی خۆی دانانێت ئەگینا مایەی قبوڵ کردن نی یە نەوەیەك کە دوارۆژی ووڵاتی لەسەر بەند بێت ماوەی ١١ مانگ بێت لە مەرکەزێك تاکە قوتوێکی شیری بۆنەهاتبێت ، کەچی لەبازای رەش بەکارتۆن بەدەست بکەوێت و هەر قوتوێکی لە ٣٧٥٠ دینار کەمتر نەبێت ئەی کاتێ کە ئەو نەوەیە گەورە بێت مافی خۆی نی یە هیچ سۆزێکی بۆ ووڵات نەبێت

---

## سەدو بیست و پێنج ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە

# پڕۆژەی رێگای حاجی ئۆمەران – سۆران لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران جێ بەجێ دەکرێت



■ ئا: مستەفا محمد

کۆماری ئیسلامی ئێران یەك ملیار دۆلاری وەك قەرز پێشکەشی حکومەتی عێڕاقی فیدڕال کردوە، لەم بڕە پارەیە بەشی هەرێمی کوردستان لە ١٧٪ ئەم پارەیە کە دەکاتە (سەدو حەفتا ملیۆن دۆلار)لە بوارەکانی وزەو ڕێگاوبان تەرخان کراوە، هەر لەسەر هەمان بوددجە پڕۆژەی ڕێگای حاجی ئۆمەران – سۆران و باشماخ – سید سادق بەبڕی (سەدو بیست و پێنج ملیۆن دۆلار) فراوان دەکرێن، لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا (ڕێبین جەمال) بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە هەڵگۆردی ڕاگەیاند "ئەم بڕەپارەیە وەك قەرز لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دراوەتە حکومەتی عێڕاقی فیدڕاڵ، کە لە ١٧٪ بەر هەرێمی کوردستان ئەکەوێت، دەکاتە (سەدو حەفتا ملیۆن دۆلار) (هەشتا)ملیۆنی بۆ وزە ئەڕوات و باقیەکەشی کە نەوەد ملیۆنە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دانراوە، لەگەڵ (٣٥)ملیۆن دۆلاری تر کە لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە بۆمان تەرخان کراوە، ئێمەش دامان ناوە بۆ پڕۆژەی هەردوو ڕێگای حاجی ئۆمەران و باشماخ، کە درێژی هەردووکیان(١١٨,٥)کیلۆمەترە.

سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی پڕۆژەکە "ڕێبین جەمال" ووتی " پێشنیارمان کردووە بەپێی ئیمکانیاتی بوددجەکە پڕۆژەکە جووت ساید بێت یان هیچ کێشەیەکی هاتووچۆی لەسەر ڕێگاکە کە ئێستاهەیە نەمێنێت، چونکە ڕێگایەکی ستراتیجیە لەنێوان هەردوو وڵاتداو ڕۆژانە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاتووچۆی پێدادەکرێت، کە لۆدێکی زۆری لەسەرە"

ئەوەشی دوپاتکردەوە هەردوولایان ڕێککەوتوون و بڕیاری کۆتایی دراوە لەبارەی پڕۆژەکە، بەزووترین کات دەست دەکرێت بە کارکردن تێیدا بەڵام ئێستا پڕۆژەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو دیزاین هەیە، ئەشێت ئەمەش کاتێکی کەمی بوێت.

لەبارەی ئەگەری جووت ساید نەبوونی ڕێگاکان و دۆزینەوەی ڕێگای کاتی ڕێبین جەمال ووتی " چونکە ڕێگاکان ستراتیجین، بەهیچ شێوەیەك لەکاتی کارکردن لە پڕۆژەکان ڕێگاکان ناوەستن و ڕێگا کۆنەکان بەکار دەهێندرێن یاخود ڕێگای کاتی دروست دەکرێت، لەبارەی کاریگەری پڕۆژەکەو ئەو کۆمپانیایانەی جێ بەجێی دەکەن ناوبراو ڕای گەیاند " بێگومان پڕۆژەکە کاریگەری ئیجابی لەسەر ئاستی بەرەو پێشچوونی پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و کۆماری ئیسلامی دەبێت و بەتایبەتی لەسەر ئاستی ئابووری، جێگای دڵخۆشیە بۆ ئێمە"

هەروەها بۆ جێ بەجێ کردنی پڕۆژەکە مەرجێکی ڕێککەوتنەکەیە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پڕۆژەکە جێ بەجێ بکرێت، بەڵام لەلایەن وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە چاودێری دەکرێت و هەر هاوکاریەك پێویست بێت ئێمە بۆ سەرخستنی پڕۆژەکە دەیکەین.

---

# خۆ پیشاندانی کۆلێژی پەروەردەی سۆران بوو بە مانگرتن

■ ئا: کارۆخ عوسمان

کردنەوەی کۆلێژی پەروەردەی سۆران بێ هیچ ئامادەکاریەك بوو، ئەم کۆلێژە لە ساڵی (٢٠٠٤) کرایەوە، ئەم ساڵ چوارەمین ساڵە دەوامی تێدا دەکرێ، کردنەوەی ئەم کۆلێژە ئەگەر لە لایەك خزمەتکردن بێت بە بواری خوێندن و خەڵکی ئەم ناوچەیە لەلایەکی تر ڕەد فعلی کردنەوەی هەندێ کۆلێژی تربوو لە هەندی ناوچەی تر، ئەم کۆلێژە هیچ خزمەتگوزاریەکی بۆ دابین نەکرابوو پێش دەست پێ کردن و وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیان تێیدا، ئەم کۆلێژە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستاش لە بینایەکی تەسك و بێ خزمەتگوزاری دایە، کە لە جێگای خوێندنگایەکی ناوەندی دامەزراوەو مامۆستایانی وانەکان زۆربەیان تایبەت نین بە وتنەوەی وانەکانی خۆیان، هەندێکیان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیەو بەس، گەلاّ سەرباز کە لە هەولێرەوە هاتووە گوتی: ( مامۆستای تایبەت بە وانەکانمان زۆر کەمە، دەربارەی بەشی ناوخۆیی گوتی: لەبەر نەبوونی سووتەمەنی زۆربەمان تووشی نەخۆشی بووین، جگە لەوەی تا ئێستاش دەرماڵەمان وەرنەگرتووەو ئەو پارەیەی کە لە ماڵەوەی هێناومانە لە کڕینی داوو دەرمان داوە).

هەروەها زۆربەی خوێندکارانی ئەم کۆلێژە دەرەکین و لە شوێنی دوورەوەو هاتوون بۆ خوێندن، کوردستان قادر کە خوێندکاری بەشی عەرەبیە گوتی: (من لە کەرکوکەوە هاتووم، لە خانوویەك داین کە ٤ ژوورە، ژمارەمان ١٧ خوێندکارەو ٢ سۆپامان هەیە، سەرەڕای گرانی نەوت و غاز دەرماڵەشیان کەمکردینەوە، جگە لەوەی کە ناتوانین هەموو مانگێك بچینەوە بۆ ماڵەوە چونکە کرێی هاتووچۆ زۆر گرانە)، ئاری ڕەووف کە لە هەڵەبجەوە هاتووە گوتی : ( مانگانەی بەشە ناوخۆیەکەمان ٣٠٠ دۆلارەو هاوینیش کرێی دەدەین، نەوت و غاز لەلامان بووە بە تلیاك).

دەرماڵەی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی سۆران بەپێی بڕیارێکی سەرۆکایەتی زانکۆ زیاتر بوو لە شوێنەکانی تر، بۆیە خوێندکارە دەرەکیەکان لەسەر ئەرکی خۆیان خانوویان بە کرێ گرتووە، کێشەکی تر خوێندکارە کچە دەرەکیەکان هەر کۆمەڵەو پێکەوە خانویەکیان لە گەڕەکێك گرتووە کە هیچ پاسەوانێك نیە پارێزگاریان لێ بکات، ئەمەش ترسێکی لەلا دروست کردوون و هەندێکیان لەبەر ئەم هۆیە ناتوانن دەوام کەن، ئەوەی جێگای داخە خاوەن خانووە بە کرێ گیراوەکان نرخێکی زۆریان لەسەر کرێی خانوەکانیان داناوە، ئەمەش بێزاری دروستکردووە لەلای خوێندکارە دەرەکیەکان، چونکە زۆربەی خوێندکاران باری ئابووریان باش نیەو کرێی مانگانەکەیان پێ نادرێ، جگەلە کرێی هاتوچۆ کە ئەوخوێندکارانەی لەشوێنە دوورەکانەوە هاتوون بۆهەرسەردانێکی ماڵەوەیان بڕێکی زۆرپارەیان بەکرێی سەیارە دەڕوات، ئاری گوتی: (کرێی ئەمسەرو ئەوسەری هاتووچۆمان لە سۆران بۆ هەڵەبجە ٤٠٠٠٠ دینارە بۆیە تا ئێستا نەچوویمەوە بۆ ماڵەوە).

هەندێ خوێندکار لە (کەرکوك و چەمچەماڵ و سلێمانی و هەڵەبجە و دەهۆك و زاخۆ و هەولێر و قەڵادزێ و شێخان و بگرە موسڵیش) هاتوون، سەرەڕای ئەوەی ئەمساڵ بڕێك لەدەرماڵەکەیان بڕاوە کە لە ١٤٠٠٠٠ وە کراوە بە ١٠٠٠٠٠ دینار لە هەمان کاتیشدا جاری واهەیە دوومانگ جارێك دەرماڵە وەردەگرن، خوێندکارانی قۆناغی یەکەم تائێستا دەرماڵەیان وەرنەگرتووە، یەکێکی تر لە کێشەکان ئەوەیە کە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین بڕیاری داوە مامۆستایانی مۆڵەت پێ دراو لەخوێندنی باڵا وەرنەگرن، ئێستا ئەم کۆلێژە مشت بووە لە کێشە، ئەوە دووساڵە خوێندکاران و قوتابیان نارەزایی دەردەبڕن لەبەرامبەر ئەم کێشانە بەڵام وەڵامێکی ئیجابیان نەدراوەتەوە.

ئەمساڵ خوێندکاران و قوتابیان کە زیاتر لە ٨٥٠ خوێندکار بوون لە ڕۆژی ٢٠٠٧/ ١٢/٩ هەڵسان بە خۆپیشاندان لەبەردەمی کۆلێژەکەیان، دواتر بەڕێ پێوان چوونە بەردەم قایم قامیەت بەڵام وەڵامێکی دڵخۆشکەریان نەدرایەوە، دواتر چوونە بەردەم ڕاگرایەتی بە هەمان شێوە ڕاگریش (د.دارا جاف) بەڵێنی جێ بەجێ کردنی داواکانی نەدانەوە، ئەوەی خۆپیشاندانی ئەم ساڵ جیادەکاتەوە لەساڵی پار ئەوەبوو کە خۆپیشاندەران بڕیاریانداوە تاداواکاریەکانیان جێ بەجێ نەکرێن مان بگرن و نەچنە هۆڵەکانی خوێندن، بۆیە زۆرێك لە خۆپیشاندەران یاتاغەکانیان لە بەردەمی کۆلێژەکەیان داکوتاو لەبەر ئەم سەرماو سۆڵە شەویان بەسەر برد.

شوان خالید گوتی: (من لە شێخانەوە هاتووم، لێرە خانوویەکمان گرتووە ٥ ژوورە تا ئێستا نە نەوت نە سۆپامان نی یە، شەوانە خەریکە ڕەق دەبینەوە لە سەرمان، تا ئێستاش نەچوویمەوە بۆ ماڵەوە چونکە کرێی سەیارەمان زۆر گرانە)

یەکێك لە دروشمەکانیان ئەوەبوو (لەووڵاتی ئەرکەکاندا داوای مافە سەرەتاییەکان دەکەین)، دەیانگوت ئێمە لە بەشی ناوخۆیش هەر سەرمامانە لە بەر نەبوونی سووتەمەنی بۆیە هیچ جیاوازی نی یە لە بەشی ناوخۆیی بخەوین یان لەسەر شەقام.

ماوەیەك پێش ئەم مانگرتنە ڕاگرایەتی ١٠٠٠٠ لیتر نەوتی وەرگرت بوو تەنیا ٥٠٠٠ ی بە بەشە ناوخۆییەکان دابوو کە هەر خوێندکارێك ١٠ لیتری بەر کەوت بوو، (ئایا ١٠ لیتر نەوت بەشی خۆ سووتاندنیش دەکات)؟ ئەوە قسەی خۆپیشاندەران و مانگرتووان بوو، ڕۆژی دواتر نوێنەری مانگرتوان چوون بۆسەرۆکایەتی زانکۆ، دانا ڕەزگەیی یەکێك بوو لە نوێنەرانی مانگرتوان گوتی: لەوێ بەڵێنی هەموو داواکانیان پێداین، کە داواکانیشمان ئەمانە بوون:

١- گەڕانەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە لە دەرماڵەکەیان بڕاوە.
٢- دابینکرنی سوتەمەنی.
٣- دابینکردنی کەل و پەلی بەشی ناوخۆیی.
٤- دابینکردنی پۆلیس بۆ بەشە ناوخۆیەکانی کچان.
٥- دابینکردنی مامۆستای پسپۆر لە وانەکاندا.
٦- دابینکردنی گەشتی زانستی بۆ خوێندکاران و قوتابیان.
٧- وەرگرتنی مامۆستایانی مۆڵەت پێدراو لە خوێندنی باڵا.

بەڵام ئێمە لە مانگرتنەکەمان بەردەوام دەبین تاکو هەموو داکانمان جێ بەجێ دەکرێن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com